# خانمێكی بێ بەزەیی جوان

جۆن كیتس
لە ئینگلیزییەوە: مەحموود ئیبراهیم پێماڵكی
(قەڵادزێ)



ئەی شۆڕەسوار چییە وا ئازارت دەدات،
تەنیاو ڕەنگ زەرد دەخولێیتەوە؟
زەلی دەریاچەكە پەژموردەیە و
باڵندەیەك نییە دەنگ هەڵبێنێت.
ئەی شۆڕەسوار چییە وا ئازارت دەدات،
شەكەت و غەم دایگرتوویت؟
ئەمباری سمۆرەیش سیخناخ بووە،
دروێنە تەواو بووە
لەسەر برۆت لاولاوێك دەبینم
شێی پڕ ئازار و شەونمی تای لێیە،
لەسەر كوڵمەكانیشت گوڵەباخێكی بزڕكاوو
خێرای پەژارە بەدی دەكرێت
لەچەمێكدا خانمێكم بینی
شۆخ و شەنگ و پەریزادە
زوڵف درێژ و پووز سپی
چاو بەخومار
تاجە گوڵینەیەكم بۆ سەری چێ كرد
نەك جووتێك بازن و
كەمەربەندێكی لەگوڵ
كە تەماشای كردم، ئەویندارم بوو
بەدەنگێكی بەسۆز پاڕایەوە
منیش سواری ئەسپە خۆشڕەوەكەی خۆمم كرد
بەدرێژایی ئەو ڕۆژە شتی دیكەی نەبینی
چونكە بەلاتەنیشتدا چەمابووەوە و
گۆرانی پەریزادانەی دەچڕی
چێژی سەرچاوەی خۆشی لەمن وەرگرت
وێڕای هەنگوینی كێوی و گەزۆ
دڵنیا بەزمان و گفتێكی سەیرەوە گوتی:
ڕاستیت دەوێت، خۆشم دەوێیت

پاشان پەلکێشی ئەشکەوتەکەی خۆی کردم
لەوێ دەستی بەگریان کرد و
هەناسەی تژ لە پەژارەی هەڵکێشا
لەوێ چاوە بەخومارەکانیم
بە چوار ماچ نوقاند
لەوێ بەلای لایە هاوێشتمییە
ئامێزی خەوەوە و
خەونم دەبینی، ئاخ چەند ڕەهابووم
دوایەمین خەونی ژیانم
لەسەر لاپاڵی گردی سارد بینی
لەخەونەکەمدا
چەند شاو شازادەی ڕەنگ زەردم بینی
چەند جەنگاوەری ڕەنگ زەرد و مردوو ئاسا
هەموویان دەنگیان بەرز دەکردەوە و
دەیانگوت «لا بیلە دەیم سانس مێرسی»
دەبێت بکەویتە ژێر دەسەڵاتی ئێمەوە
ئێوارە لێوە سەرما زەردەکانم بینین
داچەقاو و تۆقێنەر بوون
کە بە ئاگا هاتمەوە، بینیم لێرەم
لەلاپاڵی گردی سارد
بۆچی لێرە مامەوە
تەنیاو ڕەنگ زەرد دەخولێمەوە
وێڕای ئەوەش زەلی دەریاچەکە
هەر پەژموردە بوو
هیچ باڵندەیەک دەنگی هەڵنەدەهێنا

سەرچاوە:
Poems and Poetry Elisabeth. W.Schneider tample university American Book Company- New York.